# جەنگی دیموکراتی وئاشتی دیکتاتوریانە !

## کەمال ڕەوف

جەنگی سێهەمی کەنداو بەشێوەیەکی خواستراو ودرامیانە، بۆتەواوکردن و بەئاکام گەیاندنی ئەرك و ئامانجە ڕانەیەگەیەنراوەکانی جەنگی دوومی کەنداو دەستی پێکرد، دەستپێکردنەوەی جەنگی ئەم جارە هەرچەندە سەعاتی سفری دەستپێکردنەکەی لەکەس شاراوە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەو چۆنیەتی دەستپێکردنەکەی هەموو لایەکی سەرسامکردوهەرلە سەرەتاشەوە ئەو ئاماژانەی لەگەل خۆیدا هێنایە کایەوە کەئەوە ئاشکرادەکەن کەئەم جەنگە ش دواین جەنگی ناوچەکەو عێراق نییە و حەلقەیەکە لەو زنجیرە شەڕو رووداو بەریەککەوتنانەی کەئەم ناوچەیەلەئایندەیەکی نزیکدا بەخۆیەوە دەیبینێت !هەروەها باکگراوندە سیاسیەکەشی بەجیا لە و بیرو بۆچونانەی کە سەر زاری پیاوانی سیاسیی و جەنەراڵەکان لەمیدیاکان بلاّوی دەکەنەوە، شتێکی جیاو ڕانەگەیەنراوی تر نیشان دەدات و ئاماژە بۆئەوەدەکات کەلەهەناوی ئەم جەنگەدا دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەیە جەنگی نویّ و بەشێوازی تر لەدنیادا سەر دەربهێنێتەوە وەك ئەوەی چۆن لەجەنگی کەنداوی دووەمدا بەرزگارکردنی خاکی کوێت جەنگ کوتایی نەهات ئاواش لەم جارەدا بەسەرەو نگوم کردنی ڕژێمی سەدام کۆتایی بەو شەرە نایەت، بەپێچەوانەوە پێدەچێت ئەم جەنگە سەرەتایەکی نوێبێت بۆقۆناغێکی تری ئەو زنجیرە شەڕو پێکدادانەی کەئێستا هەیەو ناوچەکە لەسەرە تای ئەو زنجیرەیەدابن نەك بەپێچەوانەوە، بەشێوەیەکی تر پێدەچێت ئەم جەنگە تازەیە سەرەتایەکی ترسناکبێت بۆگەلێك ململانێی نێودەوڵەتی هاوشێوەی کوتایی جەنگی دوەمی جیهانی ببێتە هۆی دروستبون و نوێبونەوەی جەنگ لەهاوشێوەی جەنگی ساردلەنێوان هێزەگەورەکاندااو لەشێوەو بەرگێکی تردا ئەو شەڕانەخویان بنوێننەوە.

لەم جەنگەدا هەرچەندە زوربەی چاودێرە سیاسیەکان واپێشبینیان دەکرد کە ئەمەریکا هاوشێوەی (تەحالوفی شیمال ئەفغانستان) سود لە ئوپۆزیسۆنی عێراقی وەر بگرێت، بەڵام نەك هەر ئەوە رووی نەدا بەڵکو بەپێچەوانەشەوە ئەمەریکاییەکان جۆرە فێڵێکیان لەو هێزانەکرد کەبەجۆرێك خاوەن هێزو نفوزی خۆیان بوون و جێگۆرکێیەکی وای پێکردن کەنەتوانن لەنێو ڕوداوەکاندا دەستیان ڕابگات بەناوچەنفوزەکانی خۆیان و لەدەرەوەی ئالۆگۆڕەکان بمێننەوە، ئەم تاکتیکەی هێزەکانی تەحالوف ئەوە نیشان دەدات کەئەوان خوازیاری ڕوودانی خرۆشانی جەماوەری نین و دەیانەوێت بەتەنها خۆیان لەڕێگەی هێزەوە کێشەکانیان لەگەڵ ڕژێمدا یەکلا بکەنەوە، ئەم هەڵوێستەی تەحالوف لەکاتێکدایە کە ڕژێمەیش لەهەوڵی ئەوەدایە بەناوی خەڵکەوە موبارەکەی ئەوەلە شەڕکە بکات کەشەڕی نێوان ئیسلام و کافرو داگیرکەر و نیشتمانپەروەرانە، هەروەهابەم هەڵوێستەی لەهەوڵی ئەوەدایە جگەلەسوپاکەی خەڵکی مەدەنیش پەلکێشی نێو شەرەکە بکات و بەجۆرێك هێزە سەربازیەکەی لەنێو خەڵکە مەدەنیەکەدا بشارێتەوە، ئەم هەڵوێستانەی هەردوولا جگەلەوەی دەبێتە هۆی خوێناویی بوونی زیاتری شەڕەکە لەهەمانکاتیشدا واچاوەدەبڕێتە خەڵکی عێراقی کەهەتیووبێت و مافی قاسری بەبالاّدا دەربڕێت.

ئەم جەنگە کەلەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك پرسیاری هەڵگرتوە و ئاماژەیەکی تازەشی پێیە بۆگۆڕانکاری و ئاڵۆزیە دەرونیە کانی دەسەڵاتە نادیموکراتیەکانی ناوچەکە، بەدیویکی تریشدا لەنێو ڕووداوەکانی ئەم جەنگەدا ئەو پرسیارگەلە سەر دەردێنی کە دەخوازێت لەهەمووولایەك چیتر بە پێودانەکۆنەکان مەودایی دیموکراتیەت نەپێورێت و شێوە خوێندنەوەیەك دەهێنێتە پێشەوە کەچیتر و زیاتر لەجاران دیموکراتیەت لەجیهاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لێرەوەیە ئیتر دەتوانین بڵێن کە ئەم شەڕە چەندە دورە لەوەی کەشەڕی نێوان کفرو ئیسلام بێت هێندەش دورە لەوەیکە شەڕی دیموکراتی و دژە دیموکراتی بێت ! هەروەهاش ناتوانرێت بەتەنها بەداکۆکیکردن لێی یان بەدژایەتی کردنی خوازیاری پاراستنی ئارامی و پێکەوە ژیانی خەڵکیناوچەکە لەبەر چاو بگرین، جونکە بەو دیوی شەڕدا یانی مانەوەی سەدام

لەسەر دەسەڵات کە هێندەش بەسە بۆئەوەی کەبڕوامان بەوەهەبێت کە ئەو ڕژێمە خۆی هۆیەکی گەورەی داڕزین و بەریەککەوتن و نائارامی ناوخۆ وناوچەکەیە، تەنها هێزێکیش کەتوانای ئەوەی هەبێت بەر بە شەڕبگرێت و سەدامیش لەسەر دەسەڵات لاببات ئەوە خەڵکی عێراق خویەتیگەر بتوانێت لەنێو ئەو ڕوداوانەدا ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خۆی نیشان بدات. . . .

Kamalrehuf300@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

کوردستان نێت www.kurdistannet.org